تەندروستیی جیهانی هۆشداری لە بڵاوبوونەوەی پەتایەکی نوێ دەکاتەوە

ئەمە هەینی، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی هوشداری دا لە ئەگەری سەرهەڵدانی پەتایەکی نوێی هاوشێوەی کۆڤید 19 لە جیهاندا " .

تیدرۆس ئەدهانۆم بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی رایگەیاند : "ئەم هەڵەشەیە چیتر تیۆری نییە، بەڵکو نوێنەرایەتی "حەتمییەکی پەتا" دەکات کە دەبێت لە ئاستی جیهانیدا زووتر ئامادەکاری بۆ بکەین نەك درەنگ کە دوایی کارەساتی لی بکەوێتەوە ".

تیدرۆس ئەدهانۆم، ئۆشی خستەوو: پەتای داهاتوو چاوەڕێ ناکات، دەکرێت لە 20 ساڵی داهاتوودا بێت، یان لەنگەی سبەینێ بێت، بەڵام بە ناچاری هەر ڕوودەدات و دەبێت ئامادەی بین بێی، ئەوەش بەهۆی گۆڕانە ژینگەییەکان و گۆڕانی کەشوهەوای جیهان لە هەسارەکەماندا .